# وەرگێڕان..
# کێشەی نەدۆزینەوەی مانا!

محەمەد تەها حوسێن



(وەرگێڕان کردەیەکی رووناکبیرییە) و پێموایە ئەمە جوانترین پێناسەیە بۆ کاری وەرگێڕان. وەرگێڕ کاری تەنیا ئەوە نییە لە نێو زمانەکەی تردا بۆ هاوواتا و وتەزا و ئەلتەرناتیڤەکان بگەڕێ، بە قەد ئەوەی ئیشی ئەو گواستنەوەی هزرە، دۆزینەوەی ئەو تۆڕە ئاڵۆزەی مانایە کە لە نێو پێوەندی پتەوی وشەکاندا خۆی حەشارداوە گواستنەوەیەتی بۆ نێو تۆڕێکی تری وشە لە زمانەکەی تر، چوون دواتر وشەکان هێما و نوێنەری مانا هزرییەکانن لە نێو دەقدا . لە درێژەی کردەی وەرگێڕاندا ئەگەر وەرگێڕ ستراتیجی ئەو دەقە نەدۆزێتەوە کە نووسەر دای رشتووە و لە لێکدانەوەی هێما فورمولەکراوەکان نەگاتە مانا

راسـتـەقـینـەکـانـی نێـو دەق ئەوا تێکسـتـێکی بێگیـان دەخـاتە روو و هەرچەندی دەکا خوێنەر ناتوانێ لە پێوەندییەکی عەقڵانیدا مـانایەکی مەعقولیان لێ وەدەست بهێنێ.

ئەم حاڵەتە رێک دۆخی وەرگێڕانە لەم سەرزەمینەی خۆماندا و هەر بۆیەشە کاتێک دەتەوێ بە زمانی شیرنی خۆت هزری خەڵکانی غەیرە کورد لە زۆربەی هەرە زۆری فەزا مەعریفییەکان بخوێنیتەوە کێشەی تێنەگەیشتن و نەتوانینی دروستکرنی مەوقفێک لە حاڵیبوون دێتە رێت، ئەم تێنەگەیشتنە پێوەست نییە بە ئاستی رۆشنبیری و توانای یادگە و زرنگی خـوێنـەرەکـەوە بە قـەد ئەوەی راسـتـەوخۆ پێـوەندیی بە عەقڵی میکانیکی وەرگێڕەکە و سـسـتی بیـرکـردنـەوەی ئەوەوە هـەیە، چوون لە بنچـینـەدا لای ئەو ئەمە یاریکردنە بە وشەکان و زیاتر لە یاری رەسم رەسمانێ دەچـێ نـەوەک پـشـکـنـین و دۆزینەوەی (مـانا) لە نێـو دەقی یـەکـەم و گـواسـتنەوەی بۆ زمـانێکی تر بە مـەبەسـتی ئاشناکردنی خوێنەرەکەی تر بەو نەخشە مەعریفییەی لە دووتوێی خۆیدا رەسمی کردووە، بازاڕی رۆشنبیری کوردی ئەوەندەی کاڵای مەعریفی بێگیانی بێگانەی تێدایە زۆر کەمتر لە نیو بگرە لە چارەک بەرهەمی مەعریفی کوردی تێدا نییە، مەبەست لە مەعریفەی بێگیان هەموو ئەو دەقە وەرگێڕدراوانەن کە لە وەسفی پێشترماندا پێناسەمان کردن و ئەو دەقـەش کـە گـیـانی تێدا نەبوو نەدەتوانێ بدوێ نەتۆش وەک خـوێنەر دەتوانی لە جووڵەی وشە و عیبارەکانیدا مانایەکی لێ هەڵکرێنی.

**بازاڕی رۆشنبیری کوردی ئەوەندەی کاڵای مەعریفی بێگیانی بێگانەی تێدایە زۆر کەمتر لە نیو بگرە لە چارەک بەرهەمی مەعریفی کوردی تێدا نییە**

نەدۆزینەوەی مانا لەو هەموو دەق و کتێبە وەرگێڕدراوانەی لای خۆمان وەرگێڕان تا ئاستێک بێ نرخ دەخاتە روو کە هەر سادە لەوحێک، هەر

سادە هزرێک بیەوێ دەرەقەتی دێ و وەک فرۆشیارێکی گەڕۆک پێیەوە سەرقاڵ دەبێ و کڕیاران تووشی داهێزرانی عەقڵ و زەین دەکا.

من وەک خوێنەوارێکی کورد زمان زۆر حەز دەکەم بە زمانی خۆم هەرچی پێوەستە بە لقە جیاجیاکانی مەعریفە بخوێنمەوە، وەلێ جگە لە بەرهەمی عەقڵی کوردی نووسراو بە کوردی چی تری پێ ناخوێنمەوە، خوێندنەوەی بە کوردی و وەستان لەو ئاستەی کە تەنیا بەم زمانە لە کولتوورەکانی تریش ئاشنابم تەنیا پرۆسەیەکی قەلاچۆکردنی نەخوێندەوارییە و هەر بۆیە تا رزگاربم لە گرێی نە دۆزینەوەی مانا و حاڵیبوون لە نێو دەقە بە کوردیکراوەکاندا، تا ئەو رۆژەی ئەو کەناڵە مەعریفییە، ئەم کەناڵە کولتووری و رۆشنبیرییە چارەسەر دەکرێ هەر بەو زمانانەی تر دەخوێنمەوە کە دەیانزانم.

رۆشنبیری و رۆشنبیربوون لە نێو بازاڕی رۆشنبیری کوردیدا بووە بە "مۆدە" نەک "دیاردە". دیاردە رەگێکی درێژتری هەیە لە مۆدەبوون، مۆدەکان هەمیشە یەکتر نەفی دەکەنەوە، وەلێ دیاردەکان بەیەکەوە وەک زنجیرە پێوەستن و لە کۆیەکدا هەرەمێکی مەعریفی بۆ تاک و بۆ کۆ پێکەوە دەنێن. ئەم بە مۆدەبوونەی رۆشنبیری ئێستا رووی لە وەرگێڕان کردووە و کۆمیدیایەکە تا ئەو ئاستەی وەرگێڕی ئەوتۆ پەیدا بووە یەکێک لە بەرامبەری یا بە تەنیشتییەوە رستە بە رستەی کتێب یا بابەتەکەی بۆ دەخوێنێتەوە و ئەمیش یەکسەر وەری دەگێڕێ. بێتاقەتییەکە بە شێوەیەک لە نێو وەرگێڕەکاندا!! تەشەنەی کردووە هەر کتێبێکی وەرگێڕدراو کە دەخوێنیتەوە لە بیست – سی لاپەڕەی یەکەم دەتوانی سەری هەندێ وشە بشکێنی و لە پێوەندییەکدا هەندێکی لێ حاڵی بی، وەلێ کە زیاتر تێپەڕی و تا بەرەو کۆتایی بچی هیچی لێ حاڵی نابی بۆت دەردەکەوێ کە کابرای وەرگێڕ!! تا دێ بێتاقەتتر دەبێ نەک لە خەمی دۆزینەوەی مانا و وەرگێڕانی هزریی بابەتەکەدا نییە، بەڵکو لە وشە دۆزینەوەش بێتاقەت دەبێ و پێوەندییەکان تەنیا کەرەستە و ئامرازەکانی پێوەندی بەیەکیانەوە گرێ دەدەن.